# پــــــارێزگای سلێمانی

**کۆدی پرۆژە [(SUL. G. ( ٣٠٠٧)] ساڵی ٢٠١٦**

**کەمکردنەوەی نهێنی / بانگێشتی (گشتی)**

**بۆ پرۆژەی : - ( دابین کردنی پێداویستی چاك کردنی پەمپەکانی پرۆژەی ئاوی دوکان / هێڵی یەکەم + دابین کردنی ماددەی شەب بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئاوی قەلادزێ ) .**

**پــــــارێزگای سلێمانی** بانگهێشتی گشتی بۆ سەرجەم کۆمپانیا وبەڵێندەران دەکات کە ئارەزووی بەشداری کردنیان هەیە بۆ ئەم کەمکردنەوە نهێنییە. جا هەر بەڵێندەرێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لەم کـــەمکردنەوەیە با سەردانی بینایی پــــــارێزگای سلێمانی (کاروباری هونەری/ب .گرێ بەستەکان / فرۆشتنی تەندەر) بکات لە نهۆمی زەمینی، بە مەبەستی وەرگرتنی تەندەر بەرامبـــەر ( ٣٠,٠٠٠ ) سی هەزار دینار ی عێراقی کە ناگەڕێتەوە بۆ بەڵێندەرو کرێی بڵاوکردنەوەی ئاگاداری ئەم بانگەوازە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو بەڵێندەرەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت..

١- وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی (٢٠١٦/٠٦/١٣ ) دەست پێ دەکات تا ڕۆژی ( ٢٠١٦/٠٦/٢٦ ) لەکاتژمێر ( ٩ ) ی سەر لە بەیانی تا کاتژمێر ( ١٢:٠٠ )ی نیوەڕۆ .

٢- ڕۆژی گەڕاندنەوەی تەندەر ڕۆژی ( ٢٧ /٢٠١٦/٠٦ ) تا کاتژمێر ( ١٢:٠٠ ) ی نیوەڕۆ دەبێت.

٣- ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر لە ڕۆژی ( ٢٨ / ٠٦ /٢٠١٦ ) کات ژمێر ( ٩ ) پێش نیوەڕۆ دەبێت.

٤-ماوەی جێبەجێکردنی پرۆژەکە بریتیە لە : ( ١٠٠ ) سەد ڕۆژ ( ڕۆژمێری ) .

٥- هەر ڕۆژێك لەو بەروارانەی لە سەرەوە دەست نیشان کراوە بوو بە پشوی ڕەسمی بە هەر هۆیەکەوە بێت, ئەوا یەکەم ڕۆژی دەوام دوای پشوەکە دەبێت.

٦- پێویستە بەڵێندەر لە کاتی نەگەڕاندنەوەی تەندەر نامەی لێبوردن ( اعتذار ) پێش کەش بکات وە تیایدا هۆکاری نەگەڕاندنەوەی تەندەرەکە دیاری بکات .

٧- پێویستە بەڵێندەر لە کاتی گەڕاندنەوەی تەندەر ئیمێڵ ( email ) ی تایبەت بە خۆی پێشکەش کات .

٨- پێویستە لە سەر بەڵێندەر پابەندی ڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە گشتیەکان ژ( ١ ) ی ٢٠١١ ,مەرجەگشتیەکانی بەڵێندەرایەتی ئەندازەیی عێراقی بەشی ( ١و٢ ) بێت .

## ((مەرجەکانی بەشداری کردن))

١- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرە ناوخۆییانەی کە بەشداری دەکەن پێوستە پلەی پۆلێنکردنیان لە پلە ( ١-٦ ) دا بێت , وە پێناسی پۆلێن کردنیان پێبێت کە لە ( وەزارەتی پلاندانان ) دەرچوبێت و بەرواری بە سەر نەچوبێت و پێناسەی ( یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستانیان ) پێبێت بەرواری بەرسەرنەچوبێت .

٢- ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرە نیشتمانیانەی کە لە دەرەوەی هەرێمن پێوستە تۆماربن و پشتگیری کردنەوەی لقیان هەبێت لە لایەن وەزارەتی بازرگانی هەرێم .

٣- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرە بیانیانەی کە بەشداری دەکەن مۆڵەتی ( کردنەوەی لقیان هەبێت ) لەلایەن وەزارەتی بازرگانی هەرێم .

٤- ئەستۆ پاکی باجی دەرامەت بهێنن

٥- هیچ تەندەرێك لە دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت و صندوقی تەندەر دادەخرێت .

٦-بڕی بارمتەی یاسایی بە بڕی ( ٩,٠٠٠$ ) نۆ هەزار دۆلار بە ( چەکی پەسندکراو ) یان ( خطاب ضمان ) بۆ ماوەی ( ١١٨ ) ڕۆژ پێشکەش دەکرێت .

٧- پێویستە بەڵێندەر یان کۆمپانیا ئامادەی کردنەوەی تەندەر بێت یان نوێنەرێك بە نووسراوی فەرمی دیاری بکات و ئامادەبێت .ئەگەر ئامادەش نەبێت پرۆسەی کردنەوەی تەندەر بەردەوام دەبێت

٨- پارێزگای سلێمانی پابەند نی یە بە کەمترین نرخ.

٩- ماوەی بەسەرچوونی تەندەر ( ٩٠ ) ڕۆژە لەدوای بەرواری داخستنی صندوقی گەڕاندنەوەی تەندەر..

**سەردار قادر علی**

**جێگری پارێزگار بۆ کاروباری هونەری**

٢٠١٦ /٠٦ /١٢

وێنەیەك بۆ

- بەڕێز سەرۆکی ئە نجومەنی پارێزگا
- وەزارەتی دارایی و ئابووری / ب . گشتی ژمێریای / گە نجینەی٢سلیمانی/ بۆ ئامادەبونی نوێنەرتان لە کاتی کردنەوەی تەندەر / هەروەها لە کاتی شی کردنەوەو سپاردن .
- ب .ئاوی سلیمانی/ بۆ ئامادەبونی نوێنەرتان لە کاتی کردنەوەی تەندەر / هەروەها لە کاتی شی کردنەوەو سپاردن .
- ب . گرێ بەستەکان / کاروباری یاسا / بۆ کاری پێویست .
- کاروباری هونەری/ ب. پلان و بەدواداچوون/ بۆ کاری پێویست .
- سایتی پارێزگا .
- ب . ژمێریاری /بودجەی ئەم پرۆژەیە لەلایەن ڕێکخراوی ( UNDP ) یەوە دابین دەکرێت دوای احالە کردنی بۆ کۆمپانیا بە پێ ی نوسراویان لە ٠٦ / ٠٦ /٢٠١٦ کە ئاڕاستەی بەڕێز ( عمر احمد امین ) کراوە . .
- یەکێتی بەڵێندەران/ بۆ ئامادەبوونی نوێنەرتان لەکاتی کردنەوەی تەندەر.
- فەرمانبەری تایبەت بەکاری بڵاوکردنەوە لەڕۆژنامەو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، بۆ کاری پێویست.
- سکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەر.
- ب . تەکنەلۆجیای زانیاری .
- بەشی IT.
- ڕێکخراوی UNDP .
- بۆ بینینی ئەم بانگەوازە سەردانی ماڵپەڕی www.slemani. gov.krd بکە .

کانیاو محمود
ئامادەکردنی بانگەواز
٢٠١٦/٦/١٣

ئە. ئامادەکردنی تەندەر
٢٠١٦/٦/١٣

ئە. چێکی تەندەر
فرمان أبوبكر

نەورۆز ڕۆوف مستەفا
ل .تەندەر
٢٠١٦/٦/١٣